


# تەوەری شانۆ

**وتەیەك لەسەر ئەم تەوەرەیە :**

پێویستە هەمو ڕۆژێك بەڕۆژی شانۆی جیهان ناوبەرین لەبەرئەوەی بیست سەدەیە بڵێسەی شانۆ لەسوچێكی دنیادا هەربەداگیرساوەیی ماوەتەوە....

**( فیكتۆر هۆگۆ راسكۆن –باندا)**

(**شانۆنوسی مەكسیكی و نوسەر پەیامی نێودەوڵەتی ڕۆژی شانۆی جیهانی ئەم ساڵ**)

ڕۆژی 27ی مارسی هەمو ساڵێك لەسەرتاسەری جیهاندا شانۆكاران یادی شانۆدەكەنەوەو ناویان لێناوە ڕۆژی شانۆی جیهانی، ئەم ساڵیش لەو ڕۆژەدا بەهەمان شێوەی ساڵانی ڕابوردو ئەو یادەكرایەوە، ئێمەش لە گۆڤاری (ئاینده ) پێمانخۆش بوولەم یادەدا بتوانین تەوەرێك لەسەر شانۆ بكەینەوە، بەهیوای ئەوەی ئەم تەوەرەی ئێمەش لەچوارچێوەی ئەو ڕێزلێنانەبێت لەشانۆدەنرێت. ساڵانێكی زۆریشە شانۆكارانمان باس لەبونی وەستانێك دەكەن كە ڕوبەڕوی ئەم بزاڤە هونەرییە بوتەوە، هەروەك لە پەیامی نێودەوڵەتی ڕۆژی شانۆشدا كە لەلایەن ( فیكۆر هۆگۆ راسكۆن) نوسراوە و دەڵێت: "تەكنەلۆژیا هەوڵیدا شانۆ بكاتە نمایشی فیشەكە شێتە یان مەیدانێ بۆنیشاندان، ئێستە ئێمە شایەتی گەڕانەوەی ئەكتەرین بۆبەردەم بینەر...".

لەم تەوەرەشدا هەوڵمانداوە بابەتەكان هەمەچەشن بن وەك (تێكست، لێكۆڵینەوە، خوێندنەوەی كتێبی شانۆیی)، بەهیوای ئەوەشین لەمەو دوا هەرژمارەیەك تەوەرێكمان لەسەر لایەنێك لەلایەنەكانی ڕۆشنبیری و هونەریی هەبێت.

**گۆڤاری ئاینده**